# هەولێر و هەولێرییەکان سەقامگیری و ئارامییان گەرەکە



سەعدون یونس–ئەڵمانیا

بە حوکمی ئەوەی بەردەوام هامشۆی سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان دەکەم شتێك زۆر سەرنجی راکێشام کە لە ناخەوە ئازاری دام و پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ئەویش ئەوەیە کە بۆچوونێکی زۆر هەڵە بەرامبەر بە رۆشنبیر و هونەرمەندان و ئەدیب و کەلتوورخوازان و خودی خەڵکی شاری هەولێریش هەیە و نازانم هۆکارەکەی چییە و لە پایەی چی ئەم جۆرە تێڕوانینە بەرامبەر بە شاری هەولێر هەبێت؟!

ئێمە وەکو هەولێری بە گشتی و هونەرمەند و رۆشنبیران بە شێوەیەکی تایبەتی بە مافێکی سەرەکی و پێویستی خۆمانی دەزانی کە شارەکەمان بپارێزین، بۆیە ئەم بۆچوونە بە زۆر هەڵە و ناتێگەیشتوویی دەزانین، هەرچەندە من حەز ناکەم باسی بابەتی سیاسی بکەم، چونکە بەداخەوە هەست دەکرێ لە کوردستان سیاسەتێکی راستەقینە نییە و تەنانەت نەمانتوانیوە بە شێوەیەکی زانستی و درووست سیاسەت بەکاربهێنین و پەیڕەوی بکەین، بەڵام دیارە ئێمە ئێستا کەوتووینەتە نێو ئەو قەیرانە سیاسییەی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە و پێوەندی بە ژیانی هەموو تاکێکی کوردستانەوە هەیە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات.

ئەو بۆچوونە ناڕەوا و دەنگە نەشازەی بەرامبەر بە هەولێر دەمبیست، هەستم کرد دەیەوێ هەولێر دابەش بکات لەنێوان کورد و ئەو نەتەوە و ئایینانەی کە سەدان ساڵە وەکو برا بە یەکەوە ژیاون و هەولێر نموونەی پێکەوەژیان و برایەتی بووە، بۆیە کورد و تورکمان و کلدو ئاشوری و سریان هەموویان خۆیان بە رۆڵەی پیرە هەولێر زانیوە و شانازییان بە منارە و قەڵاکەی کردووە، هەروەها جگە لە هەولێرییەکان خەڵکی گشت شار و شارۆچکە و رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باکووری کوردستانیش بە شاری خۆیانیان زانیوە و تێیدا ژیاون، جگە لەو نەبەردییانەی کوڕانی هەولێر لە شۆڕشەکانی کوردستان تۆماریان کردووە کە نموونەی خۆڕاگری بوون، هونەرمەندان و ئەدیب و رۆشنبیرانی هەولێریش لە شاکارە هونەرییەکانیان و لە ناخۆشترین و ئاڵۆزترین رۆژانی مێژووی میللەتی کورد و سەرەڕای چاوسوورکردنەوە و ترس و تۆقاندنی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس، گوزارشتیان لە کوردبوونی خۆیان و چەکەرەکردنی گیانی کوردایەتی لە هەست و سۆزیاندا کردووە و کارەکانیان نموونەی قبووڵنەکردنی جەور و ستەم بووە. هەروەها خەڵکی هەولێر بە هەموو هێز و توانایەکیان لە رۆژانی بەدناوی ئەنفال و کیمیاباران دەرگای خۆیان واڵا کرد بۆ برایانیان لە هەڵەبجە و بادینان، ئەوانەی ئەو دەنگە نامۆیەیان بەرامبەر بە کەلتووری



کورد بەرز دەکـــردەوە و داوای تێکدانی هەولێر و درووســـتکردنی کەشـــێکی ناســـەقامگیری لە پیرە هەولێر دەکرد و لەسەر دەستی هونەرمەندان و رۆشنبیرانی هەولێر، ئەو نامۆیانە لە بیریان چووە کە هەموو دام و دەزگا سیمبولییەکانی کوردستان لە هەولێرە.

ئەوانـــەی کە دەیانەوێ هەولێر دابەش بکـــەن و دووبەرەکی بخەنە نێو رۆڵەکانی ئەم شـــارە، یاخود بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەولێر بێدەنگە لە خۆپیشـــاندان گوایە قەیران لە کوردستان هەیە، پێویستە بە وردی بەخۆیاندا بچنەوە، چونکە ئەوەی بە ناوی قەیران و گرفت هەیە روون و ئاشـــکرایە و پێویســـت ناکات کەس موزایەدە لەسەر کەســـی تر بکات و لێرەوە دەڵێم: مەبەستیان لەو خۆنیشاندانەی کە چەند ناوچەیەکی کوردستان گرتەوە بە هیچ شێوەیەك ئەنجامدانی چاکسازی نەبووە و باشتر کردنی بژێوی ژیانی خەڵك نەبوو، بەڵکو مەبەستی سیاسییان لە پشت بوو.

من زۆر حەزم نەدەکرد بخزێمە نێو بابەتی سیاســـییەوە و دەمویست تەنیا خۆم بە هونەر و بابەتە هونەرییەکانەوە ســـەرقاڵ بکەم، بەڵام ناچارم بێمە ســـەر باسی سیاسەتیش، بە ڕای من دوورکەوتنەوەی کەلتـــوور خواز و هونەرمەند و رۆشـــنبیران لە ژیانی سیاســـی و دووڕەپەرێزییان لەو بـــوارەوە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە لە هەموو دنیا کە سیاسەت چەوت دەبی یان بەلاڕێدا دەبردرێت کەلتوور راستی دەکاتەوە و هەموو نەتەوەیەکیش لە سەرتاسەری دنیا و بە درێژایی مێژوو بە کەلتوورەکەی ناســـراوە، لە کوردستان سیاسەت زیاتر بۆ بەرژەوەندی تایبەت و شەخســـی و کاری ناڕاســـت و قۆزتنەوەی هەندێـــك هەڵـــە بەکاردەهێندرێت، بەڵام لە جیهانی پێشـــکەوتوو، سیاســـەت تەنیا بۆ سەقامگیری و ئارامی و بەرژەوەندیی میللەت بەکاردەهێندرێت و ئەو بەرنامەیەی پێشـــکەش دەکرێت، ئامانجیان بەرژەوەندییەکانی خەڵکە.

لێرەوە دەمەوێ ئەو راســـتیە بخەمەڕوو کە بـــە داخەوە حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان و پارتی دیموکراتی کوردســـتان بەتایبەتی وەك پێویســـت ئاوڕی لـــە هونەرمەندانی ئەم شـــارە نەداوەتەوە و پرۆگرامێکی جددییـــان لەم بوارەوە نەبووە، چونکە لە هەموو ژانرە هونەرییەکان ئەم شـــارە خاوەن دەیان و ســـەدان هونەرمەند بووە کە مێژوویەکی پرشـــنگداریان بۆ نەتەوەکەیان تۆمـــار کردووە و کارو بەرهەمەکانیان شـــایەدی ئەوەن، هونەرمەندان و رۆشـــنبیرانی ئەم شـــارە خۆڕاگرە لە هەموو کەس و هونەرمەندانی هەموو شارەکانی دیکە مەغدوورترن و پشـــتگوێ خراون، بۆیە پێویســـتە لەو بوارەدا ئاوڕی زیاتر لە هونەرمەندانی هەولێر بدرێتەوە، مەبەستیشـــم تەنیا هەولێرییەکان نییە، بەڵکو گشت ئەو کەلتوورخواز و هونەرمەندانەی لـــە هەولێر دەژین، چونکە هەموویان بە بەش خوراو و پشـــتگوێ خراو دەزانم.

لەو کەســـانەی کە زۆر بە ناڕەوایی باســـی ئەم بابەتەیان کردووە و وروووژاندوویانە، دەپرســـم: ئایا ئێوە لەو شـــوێنانەی خۆتان چیتان کردووە بـــۆ ئەوەی ئێمە چاوی لێ بکەین و بـــە نموونەی بزانین و بڵێین راســـتە ئێوە پێش ئێمە کەوتـــوون و ئەوەتان کردووە و ئێمە دواکەوتووین و بەجێماوین و پێویســـتە ئێمەش هەنگاوێك وەك ئێوە بچینە پێـــش؟ تەنیا یەك نموونەیان بە بیر دەهێنمەوە، یەك ســـاڵ گفتوگۆ و بینە و بەردە نەتوانرا کەسێك بکرێت بە پارێزگار! ئەگەر ئەم تەجروبە بهێنینە هەولێر دەبێ چی لێ دەربچێ؟!

لەو کەسانەی کە زۆر بە ناڕەوایی باسی ئەم بابەتەیان کردووە و وروووژاندوویانە، دەپرسم: ئایا ئێوە لەو شوێنانەی خۆتان چیتان کردووە بۆ ئەوەی ئێمە چاوی لێ بکەین و بە نموونەی بزانین و بڵێین راستە ئێوە پێش ئێمە کەوتوون و ئەوەتان کردووە و ئێمە دواکەوتووین و بەجێماوین و پێویستە ئێمەش هەنگاوێک وەک ئێوە بچینە پێش؟

خەڵکی هەولێر کورد و کوردســـتانیی دڵســـۆزن، هەولێر شارێکی کوردییە و پایتەختی کوردســـتانە و بـــاوەڕ ناکەم رۆژێك لە رۆژان هیچ تاکێکی ئەم شارە خۆڕاگرە بیر لەوە بکەنەوە کە یەك هەنگاو و کارێك ئەنجام بدەن کە کاریگەریی ســـلبی لە ســـەر ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستان و ناشیرین کردنی ئەم ئەزموونە هەبێت، کە زۆر پێویستە هەموو کوردێك هەوڵی پاراستن و پەرەپێدانی ئەم ئەزموونە بدەن.



# جیجی حەدید: چی دەڵێن با بڵێن

جیجی حەدید بە یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین و سەرکەوتووترین نمایشکارەکانی جلوبەرگ دادەنرێت، چونکە هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە بیست ساڵ، کەچی بەشداری لە نمایشی گەورەترین خانەکانی جلوبەرگی جیهاندا کردووە، وەك ڤێرسای و شانێل و چەندین خانەی دیکە، هەروەها سەرەتاکانی بە نمایشکردنی جلوبەرگی ناوەوە و بکینی دەستپێکرد، ئەمەش وایکرد رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر ببێتەوە، بەتایبەتی لە وڵاتە عەرەبییەکان. جگە لەمەش سەرەڕای ئەوەی بە پێی پێوەرە کارپێکراوەکانی بواری نمایشکردنی جلوبەرگ جەستەی زۆر گونجاوە، بەڵام هەندێك کەس رەخنەی ئەوەی لێدەگرن جەستەی گونجاوە لەم بارەیەوە لەسەر ئەنیستگرام وەڵامی ئەم رەخنانەی دایەوە و وتی: من ئەو جەستەیەم نییە کە نمایشکارانی جلوبەرگ هەیانە، جەستەی من لەو شێوەیە کە پێشتر لە جیهانی مۆدێلدا قبوڵ نەبووە و پێشتریش زۆر نمایشکاری دیکەی لەو شێوەیە هەبوون.

جیجی زیاتر نووسیویەتی: خەڵك بۆخۆی چی دەڵێ با بیڵێ ئەم جۆرە کۆمێنت و رەخنانە وام لێناکەن هەوڵی گۆڕینی جەستەم بدەم یان ئەو کارانەی لەلایەن چەند دیزاینەرێکی جیهانییەوە پێشکەشم کراوە رەت بکەمەوە، چونکە ئەوان شێوەی جەستەی منیان قبوڵە و دڵنیام ئەم رەخنانە تێڕوانینی ئەوان بەرامبەر بە من ناگۆڕێت.

جیجی کە بە رەچەڵەك عەرەبە و باوکی بە یەکێك لە ملیاردێرە ئەمریکییەکان دادەنرێت و سەروەت و سامانەکەی زیاترە لە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار هەوڵیداوە پێوەرەکانی نمایشی جلوبەرگ بگۆڕێت و بڕوای بەوە هەیە کە مەرج نییە نمایشکارەکانی جلوبەرگ لاواز بن، ئەو تا رادەیەك قەڵەوە و رانەکانی ئەستوورن، چونکە پێشتر یاریزانی تۆپی بالە بووە و ئێستاش بەردەوام خواردنی زۆر دەخوات و پێشتر تەنیا گرنگی بەوە دەدا ببێتە یەکێك لە یاریزانە باشەکانی تۆپی بالە و بە هیچ .





# رادیکا سەردانی پزیشکی دەروونی دەکات

ماوەیەك بەر لە ئێستا کچە ئەکتەری بۆلیۆد رادیکا ئەپتی دەستی بە وێنەگرتنی فیلمی خۆی کرد بەناوی (فۆبیا) و بەر لە دەستپێکردنی فیلمەکەش رادیکا دەستی کرد بە خوێندنەوەی چەند کتێبێك دەربارەی نەخۆشییە دەروونییەکان و خوێندنەوەیەکی وردی ژیانی خۆی و ئەو کەسایەتییەی دەینوێنێ لە فیلمەکەدا.

سەرەڕای خوێندنەوەی چەند کتێب و توێژینەوەی تایبەت بە فۆبیا بۆ ئەوەی بتوانێت رۆڵەکە بە باشی بنوێنێت، رادیکا سەردانی چەند پزیشك و نەخۆشیی دەروونی کردووە بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاریی پێویست پەیدا بکات.

لەم بارەیەوە رادیکا وتی: رۆڵەکە تا رادەیەکی زۆر هەستیارە و پێویستە زۆر بە وردی بیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بتوانم بە باشترین شێوە بەرجەستەی بکەم، بۆیە لە پێوەندییەکی بەردەوامدام لەگەڵ پزیشکە دەروونییەکان بۆ زانینی لایەنی دەروونی و بایۆلۆجی و عەقڵی و شێوەی مامەڵە کردن و هەڵسوکەوتی ئەم جۆرە نەخۆشانە، هەروەها لەگەڵ پزیشکەکانی سەردانی چەند نەخۆشێکیشم کردووە.

شایەنی وتنە دوای تەواو بوونی فیلمی (فۆبیا) کە دەستی پێکردووە، رادیکا خۆی ئامادە دەکات بۆ وێنەگرتنی فیلمی (کابالی) لەگەڵ ئەستێرەی ناوداری بۆلیۆد راجینیکنس.



# نەجوا کەرەم بۆ یوسف: باش نەبوو تەڵاقم دای

نەجوا کەرەمی گۆرانیبێژی ناسراوی لوبنانی تا ئێستا جارێك شووی کردووە و هاوسەرەکەشی یوسف حەربی ڕێکخەری ئاهەنگەکان بووە کە بە ڕەچەڵەك کوردە و دوای جیابوونەوەشیان هەرچەندە نەجوا دووبارە شووی نەکردۆتەوە، بەڵام پێوەندییان بەردەوامە و یەکێکە لەو ڕێکخەرانە کە نەجوا بەردەوام کاری لەگەڵدا دەکات و بە هیچ شێوەیەك باس لە ژیانی پێکەوەییان ناکەن.

نەجوا یەکێکە لەو هونەرمەندە زگورتیانەی کە بە هیچ شێوەیەك باسی تەڵاقدانی و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری و هۆکار و چۆنیەتی جیابوونەوەی ناکات، بەڵام بەم دواییە لە یەکێك لە ئاهەنگەکاندا کاتێك نەجوا لەسەر تەختی شانۆ گۆرانی دەوت بینی کە یوسف لە خوارەوە خەریکی قسەکردنە لەگەڵ یەکێك لە یاریدەدەرەکانی، نەجوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووی لە یوسف کرد و بە پێکەنینەوە وتی: خوا ماڵت کاول بکا یوسف ئەوە تۆ چیت ئەوەندە قسە دەکەی، کارێکی زۆر باشم کرد تەڵاقمدای، ئێستاش هەر خەریکی تەشویش درووستکردنی وا دەزانی من هێشتا هاوسەری تۆم.

یوسف چووە سەرتەختی شانۆ و ویستی وەڵامی نەجوا بداتەوە، بەڵام جەماوەر ڕێگای نەدا قسە بکات، بۆیە بە پێکەنینەوە وتی: مەترسن هەستی خۆشەویستی خۆم بۆ نەجوا دەرنابڕم.

پێشتریش لە چەند دیمانە و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیدا نەجوا کەرەم ڕایگەیاندووە کە ڕێز لە یوسف حەرب دەگرێت و جیابوونەوەشیان بە ڕەزامەندیی هەردوولایان بووە و ئێستاش پێوەندییان هەیە.